www.kurdistannet.org
18:05 26-11-2005بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# كیمیابارانی كوردستان، دادگایی سەدام، هەڵوێستی حزبە كوردستانیەكان .. دكتور فایق محەمەد گوڵپی

دوێنی لە سایتی كوردستان نێت، وتاریكی برای نوسەر كاك (عەلی مەحمود محەمەد) م بەرچاو كەوت كە دەربارەی كیمیابارانی كوردستان نووسی بووی، بە ناونیشانی: ئەمڕۆ سەدام لە لاهای لە بەرامبەر تاوانی هەڵبجە دادگایی كرا...

دوای خوێندنەوەی وتارەكە بە پێویستم زانی بەم نووسینە لە هەڵدانەوەی چەند ڕاستیەك لەسەر كارەساتەكانی بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە كوردستاندا بەشداری بكەم، لە سەر ڕۆژەڤی ئەمرۆی دادگایی كردنی سەدام و هەڵوێستی لایەنی كوردی لەو دادگایی كردنە تێڕوانینی خۆم بخەمە ڕوو. بۆچی دەمەوی لەو بابەتەدا بەشداری بكەم؟، لەبەر ئەوەی من لە سەردەمی كیمیابارانی كوردستاندا (1987-1988) لە ناوچە ڕزگاركراوەكان یەكی لە دكتۆرەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بووم، كارەساتەكانم بەچاوی خۆم دیوە، چەند جار بە سوكی بریندار بووم، چەندان برینداری چەكی كیمیاویم چارەسەر كردووە و لە مەرگ ڕزگارم كردون، هەندی برینداریش لە بەردەستمدا لە كاتی چارەسەركردندا شەهید بوون.

لە لایەكی ترەوە من یەك لەو كەسانەم كە ژمارەیەكی زۆر لە بنەماڵەكەمان لە كارەساتی كیمیابارانی هەڵبجەدا شەهید بوون، هەموو خێزانەكەمان (دایكم، برایەكم، براژنم، برازاكەم) بە چەكی كیمیاوی لەو كارەساتەدا شەهید بوون، تەنها من و برایەكم ماینەوە كە لەو كاتەدا لە ناوچەی قەرەداخ پێشمەرگە بووین.

هەركەسێك دەربارەی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی سەدام دژ بە گەلی كورد زانیاری هەبێت، لای ئاشكرا دەبێت كە بەرنامەی حزبی بەعسی سەدامی جینۆسایدی گەلی كورد بووە. بەڵام ئایا ئەو ڕژێمە دەتوانێت ئەم بەرنامەیە بخاتە بواری كرداریەوە؟ كەی ئەم كارە ئەنجام ئەدات؟ چۆن ئەنجامی ئەدات؟ ئەمانە كۆمەڵێك پرسیارن، دەبوایە سیا سەتمەدارانی كورد بە وردی سەیریان بكردنایە.

لایەك لە نوسینەكەی كاك عەلی باسی ئەوە دەكات كە ژمارەیەك لە بەرپرسانی پایە بەرزی ڕژێمی سەدام لە دادگای لاهای شاهیدیان لە سەر تاوانی كیمیابارانی هەڵبجە داوە كە لە لایەن سەدام و داروودەستەكەیەوە بڕیاری بۆ دەرچووە و ئەنجام دراوە، بەڵام لە هەمان كاتدا شاهیدەكان ئاماژەش بەوە ئەكەن كە هۆی بڕیاردانی سەدام لەسەر كیمیابارانی كوردستان بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، لەشكری ئێران شاری هەڵبجەی داگیركردووە، كە ئەمەش ڕاستەو وابووە. بەڵام شتی لەوە ڕاستتر ئەوەیە كە سەدام و داروودەستەكەی لە مێژبووە خۆیان لە كەمیندا بۆ ئەنجامدانی كارەساتی وا جەرگبڕ لە بۆسەدا مەڵاس داوە، چاوەڕوانبوون كەی هەڵبجە و سلێمانی و ناوچەكانی تری كوردستان بە دەستی سەركردایەتی سیاسی نەشارەزا و بی هەست و سۆزی كورد بكەونە ناو بۆسەكەوە و بەشێك لە بەرنامەی جینۆسایدی گەلی كورد ئەنجام بدەن.

ئەو هەڵە سیاسیە مێژوویانەی كە سەركردایەتی شۆڕشی كورد لە باشور فێری بووە و تەركیان ناكات، بەردەوام دەرفەتی لە باری بۆ دوژمنان ڕەخساندووە تا بە دڕندانە ترین شێوە لە بەرامبەر كەمترین داخوازی گەلەكەمان هەڵسوكەوتمان لە گەڵدا بكرێت. یەك لەو هەڵە سیاسیانە ئەوەیە كە سەركردایەتی سیاسی كورد لە باشور لە كاتی هەڵگیرسانی شۆڕشدی نەتەوەیی كوردا، پەنای بۆ هێنانی سوپای وڵاتە داگیركەرەكانی تری كوردستان هێناوە بۆ لابەلاكردنەوەی ناكۆكیەكان بە بەرژەوەندی خۆی، بەڵام هەموو كاتێكیش هەر بە زیانی جوڵانەوەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی كورد تەواو بووە. لەم پراكتیكە سیاسیە بیسەروبەرەدا، كە خۆی لە سیاسەتی گۆڕینی داگیركەرێك بە داگیركەرێكی تر دەبینێتەوە، دوژمن زیاتر سوودی وەرگرتووە تا شۆڕشی كورد.

لە ساڵی 1986 وە، زوربەی هێزەكانی شۆڕشی باشوری كوردستان بوونە دۆستی ستراتیجی كوماری ئیسلامی ئێران، چەندان چالاكی سەربازی هاوبەشیان (پێشمەرگەو پاسدار) دژ بە هێزەكانی سوپای ڕژێمی سەدام ئەنجام دا. چالاكی زۆر گرنگ ئەوە بوو كەبە ناوی داستانی ڕزگاری لە 13-4-1987

لە نزیك شاری سلێمانیەوە لە لایەن هێزی پێشمەرگەی ی. ن. ك و تیپێكی سوپای پاسدارانەوە ئەنجامدرا. دوای ئەم كارە سەربازیە رژێمی سەدام بۆ یەكەم جار لە دژی پێشمەرگەو جەماوەری بی چەك دەستی دایە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی. بەڵام هێزەكانی رژێم تەنها گۆڕەپانی شەڕەكەیان بە چەكی كیمیاوی بوردمان نەكرد، بە تەنها سەنگەری پێشمەرگە و گوندەنزیكەكانی وەك (قزلەر، سنگر، مێوڵاكە... ) یان بوردمان نەكرد، چەندان ناوچەی دوور لە شەڕیان لە ڕۆژانی 16، 17 -4-1987 بە چەكی كیمیاوی وەك ناوچەی مەرگە (گوندی كانی توو)، ناوچەی خۆشناوەتی (گوندی شێخوەسانان، بالیسان) بوردمانكرد. وە بە تایبەتی ئامانجیان ئەو گوندانە بو كە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر بوو. كەواتە هێزەكانی رژێم تەنها بەرەكانی جەنگیان بە چەكی كیمیاوی بوردمان نەكردووە، بەڵكوو ئەم هاوپەیمانیەی ئێران و هێزە كوردیەكانیان كردووە بە بیانوو بۆ ئەوەی چەند دەتوانن زیاتر كورد لە ناو بەرن، لێرەشەوە بەرنامەی قڕكردنی كورد بەرێوە ببەن.
لە شەڕی رزگاركردن یا داگیركردنی هەڵەبجەدا، ڕاستە سوپای ئێران لە گەڵ هێزەچەكدارەكانی (یەكێتی، پارتی، بزووتنەوە، حزبی سۆسیالیست) لە ڕۆژانی پێش 16-3-1988 هاتنە شاری هەڵەبجەوە، بەڵام لە و ڕۆژانەدا هێزەكانی رژێم تەنها شاری هەڵەبجەیان بە چەكی كیمیاوی بوردمان نەكرد، گوندی سێوسێنان كە لەو كاتەدا بەرەی جەنگ نەبوو، بارەگای پێشمەرگەی لێنەبوو، بە قسەی خەڵك لەو كاتەدا 4 چوار كەس لە خەڵكی گوندەكە سەربازی سوپای عێراق بوون و لە بەرەی جەنگی دژی ئێران شەڕیان ئەكرد، كەچی ئێوارەی 21 یان 22-3-1988 بە كاتیوشای چلی ئەم گوندە لە سەربازگەیەكی نزیك دەربەندیخان هێرشی كیمیاوی گازی دەماری كرایە سەر و لە ماوەی چركەكاندا 77 كەس شەهید بوون و زیاتر لە 300 كەس بریندار بوون. رژێم لە هەڵمەتەكانی تری كیمیابارانەدا گوندە قەرەباڵغەكانی وەك (گوپتەپە، وەری، گوڵان) ی كردە ئامانج، هەتا لە گوندی گوڵان ژمارەیەك لە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی كوردستان شەهید بوون. هێنانی سوپای ئێران بۆ كوردستان لە لایەن هێزە كوردیەكانەوە ئەو هەلە كوشندەیە بوو كە رژێمی سەدام سوودی لێوەرگرت تا لە سایەیدا ڕەئی ناوخۆ و دەرەوە بۆ پشتیوانیكردنی بەرنامەكانی جینۆسایدی دژ ی گەلی كورد بەرجەستە بكات.
شاهیدی سەرانی رژێم لە دژی سەدام و عەلی حەسەن مەجید، لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمەش وریا نەبین، لەم لایەنەشەوە جارێكی تر بە بیانوی بوونی سوپای ئێرانەوە لە كوردستان دەیدۆڕێنین. ئەبی كاتی لەگەڵ سەرانی كۆنی رژێم و دۆستی گیانی بە گیانی ئەمڕۆی حزبە كوردیەكان لەسەر كارەساتەكانی قڕكردن بكەوینە ئاخافتن، نەهێڵین ئەوان دیاردەكە بە پچڕپچڕی بگرنە دەست، هەوڵبدەین هەموو زنجیرەكانی قڕكردن پێكەوە گرێبدەین، ئەگینا لێرەشدا لێماندەبەنەوە. چەمكێكی تر كە گرنگە ئاماژەی پێبكەین لە كاتی ڕووبەڕووبونەوەی ئا وادا، ئەوەیە كە هەموو لایەك بزانن ئەوانەی كە سوپای ئێرانیان بۆ ناو عێراق پەلكێش كردووە، توێژێكی تەنكی سەرەوەی دەسەڵاتداری كورد بووە، ئەو چەمكە لە لای هەرەزۆرینەی گەلی كورد قبووڵ نەبووە و دژی وەستاوە، هەر لە ناو پێشمەرگەدا تا هەموو توێژەكانی تری كومەڵگای كوردستان كەسانێكی زۆر ئەم سیاسەتەیان رتكردۆتەوە، كەچی ڕژێمی سەدام جیاوازی لە نێوان چەكدار و بیچەكدا نەكردووە، جیاوازی لە نێوان دەسەڵاتداران و گشتی گەلدا نەكردووە، ئەوانەی كە بڕیاری هێنانی لەشكری ئێرانیان بۆ كوردستان دەركرد تا ئێستەش ساغ و سەلامەتن، زیاتر كومەڵانی مەدەنی لە ژن و منداڵ و پیر بەر هێرشی چەكی كیمیاوی كەوتن، دوورنیە دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆش سەدام و ئەوان نەپارێزن.
ئەمرۆ كە ڕژێمی سەدام ڕوخاوە و خەریكە لەسەر تاوانەكانی دادگایی دەكرێت، ئەوەی كە گرنگە ئەوەیە ئێمەی كورد چی بكەین تا سوود لەم دادگایی كردنە وەربگرین بە قازانجی چارەسەری كێشەی ڕەوای گەلی كورد. ئەگەر تەنها دڵمان بەوە خۆشبێت حاكمێكی كورد دادگایی سەدام ئەكات، یان هەندی لە بەرپرسە گەورەكانی رژێم لە سەر كارەساتەكان شاهدی ئەدەن، ناتوانین سوود لە دادگاییكردنەكە وەربگرین، ئەبی لە سێدارەدانی سەدام و سەرانی تری رژێم مەبەستی سەرەكی ئێمە نەبێت، مەبەستی سەرەكی ئێمە دەبی بە ڕەسمی ناسینی پرۆسەی جینوسایدی گەلی

کورد بێت کە ڕژێمی سەدام ئەنجامی داوە و شاهدە عەرەبەکان دەیانەوێت بە هۆی بوونی هێزی کوماری ئیسلامی ئێرانەوە لە کوردستان ئەم کارتە لە دەستمان دەربهێنن.

لە لایەکی ترەوە هێزە کوردستانیەکان کە کاتی خۆی نەك هەر نەیانتوانی بەرنامە دڕندانەکانی سەدام لە دژی گەلی کورد هەڵوەشێننەوە، بەڵکو بە ئاسانی، بە سیاسەتە چەوتەکانیان بوونە ئامرازی هاوکار بۆ زووتر بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەی جینۆساید و قڕکردنی کوردان، ئەمرۆش لە دوای ڕووخانی سەدام نەك هەر تێناکۆشن بۆ دادگایی کردنی سەدام و سەرانی تری ڕژێم، بۆ سەلماندنی جینۆسایدی کوردان لە سەر دەستی ئەو ڕژێمەدا، بەڵکو دژی هەوڵ و تێکۆشانی بە سزا گەیاندنی هەندی لە سەرانی ڕژێم وەستان لە دادگایەکی ئەوروپی دا، کە لە لایەن کومەڵێك ڕۆشنبیری کوردەوە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەدەچوو، وە ئەو هەواڵانەی کە لە ڕاگەیاندنە حزبیەکانی باشوری کوردستانەوە سەبارەت بە دادگایی کردنی فرانس ڤان ئەنرات بڵاو بوویەوە، نەك هەرسارد بوو، بەڵکو ئاماژەی بەوە دەکرد کە دادگایی کەسێکی بازرگان کراوە، نیشانەیەکی زۆر پشت شکێنە. وە دوبارەکردنەوەی سەرەك کوماری عێراق بە ئیمزا نەکردنی لە سێدارەدانی سەدام، بەشێکی تری ئەو سیناریۆیەیە کە سەرانی حزبە کوردیەکان دەیانەوێت لە بەرامبەر تاوانەکانی سەدام بە تایبەتی تاوانی ئەنفال و کیمیاباران بیدەنگ بن، بۆ؟ چونکە لە کاتی بەڕێوەچونی دادگاییەکی بەو جۆرەدا لایەنە بەرپرسەکانی حزبە کوردستانیەکان کە لە ساڵەکانی هەشتاکاندا لەگەڵ ئێران هاوپەیمان بوون، لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت، حزبەکانیش بەو جۆرە کارانە ڕانەهاتوون، بە شکست و ئابڕوچونی سەیر ئەکەن، بۆیە تا بۆیانبکرێت دادگایی کردنی سەدام لە سەر هەڵبجە و ئەنفال دوا دەخەن، ئەگەر دادگایی کردنەکەش ئەنجام درا لە سەر بە ڕەسمی ناسینی جینۆساید و قڕکردنی بە بەرنامە ڕاناوەستن، ئەگەر بۆشیان بلوێت چڕ لە کورد و مێژوی خوێناوی، سیناریۆی بەخشینی سەدام و پیاوەکانی لە ژێر سێبەری برایەتی کوردو عەرەب و ئاشتەوایی نیشتمانی دا پێشدەخەن و خۆشیان لە دادگای مێژودا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن.

دکتور فایق محەمەد گوڵپی 25-11-2005